


# ((کۆئان -ko un)) شاعیری یەکەمی کۆریا..

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : عیـــــسا چیایی**

لە یەکی ئەیلولی (1933) لەشاری کۆنسان، سەر بەهەرێمی جۆلای باکووری کۆریا لەدایك بووە، لە نووسینێکدا بە ناونیشانی (کۆئۆن لەبارەی کۆئۆنەوە دەنووسێ)، واباس لە سەرەتاکانی خۆی دەکات و دەڵێت : ئەو قوتابییەی کە وا راهاتبوو ڕۆژانە بۆ چوون بۆ قوتابخانەو گەڕانەوەی بۆماڵەوە، چوار سەعات بەپییان ڕێبکات، لەخۆر ئاوای ڕۆژێ لەو ڕۆژانەدا کتبێکی شیعریی لەو سەرە ڕێگەیەدا دۆزیەوە، بە درێژایی ئەو شەوە شیعری خوێندەوە، ئیتر بە شاعیر بوون، بوو بە یەکەمین خەونی ئەو، هەرخێراش وەکو پەپولەیەك کەوتە تۆڕی شیعرەوە٠

٠دەڵێ : شیعری من هەڵقوولانە، ئەو هەڵقوولانەی هەڵدەپژێ بەکەناردا یان بەهاوکاری تاریکیی و رووناکی ئاوازێك دروست دەکات، بۆیە شیعرەکانی من دەنگدانەوەن، لەئاخاوتنێکدا لەگەڵ (نیویۆرك تایمز) دا کە پرسیاری شیعریی لێدەکەن دەڵێ : شیعر (مۆسیقای مێژوو) ە٠٠!

* ((بەختیارییەکی مسۆگەر ))

ئەوشتەی کە ئێستا من بیری لێدەکەمەوە
هەر ئێستا، لەجێگایەکی ئەم دنیایەدا
لەلایەن کەسێکەوە بیری لێکرایەوە
کەواتە بێئومێد مەبە.
ئەو شتەی کە ئێستا من بیری لێدەکەمەوە
ئێستا، لەجێگایەکی ئەم دنیایەدا
کەسێك بیری لێدەکاتەوە
کەواتە دڵتەنگ مەبە
ئەوشتەی کە ئێستاکە من بیری لێدەکەمەوە
لەجێگایەکی ئەم دنیایەدا
وەختە کەسێك بیری لێبکاتەوە
کەواتە بێ ئومێد مەبە.
چەند شتێکی دڵخۆشە کە بەدڵنیاییەوە
لەم جیهانەدا
لەجێگایەکی ئەم جیهانەدا
دێمە بوونەوە، سوپاس بۆ زۆر کەس
ئای لەو دڵخۆشییە
بەراستی
من لەبواری زۆر کەسی ترەوە
هاتمە ئەم جیهانەوە
کەواتە بێ ئومێد مەبە..

* (( بێ ناونیـــــــــــــشان ))

جاران، هەموو شاعیران دەیان گووت
میللەت ؟ ون بوو.
ئەگەرچی هێشتا کێو و رووبارەکان ماون
لە ئێستادا
شاعیران دەڵێن،
دەڵێن :
رووبار و کێوەکان ون بوون
ئەگەرچی میللەت هێشتا زیندووە
سبەینێ شاعیران دەڵێن
بەداخەوە
کە کێو و رووبارەکان
میللەتیان ون کرد ؟
تۆ و
من و هەموومان و نین...

**ژێدەر:** چوارشەممەنامەی (الأدیب)ساڵی پێنجەم ژمارە (172) ی (30) ی تەمووز (2008).